# هەندەران بەهەشتێك لە غوربەت

**ئا : رزگار قادرزادە**



دیاسپۆرا یا مەنفا ئەو شوێنەیە كە هەموو دەم بوەتە شوێنی دووهەمی تاكی كورد و شوێنگەیەك بۆ هەناسە هەڵكێشانێكی ئازاد و دوور لە بۆنی مردنو كوشتن. بەریتانیاش ئەو خاكەیە كە راكێشەری زۆرێك لە گەنجەكانی نەتەوەی كوردە، ئیتر بۆ پەیداكردنی بژێوی بنەماڵەیی بێ یا بۆ پەنا بردنە ئەوێ وەك ئەوێیەكی باش و ناوازە و دوور لە ئەشكەنجەو سزادان. "لاوان" گەیشتە ئەوێش بۆ ئەوەی گۆیەشەیەك لە چۆنیەتی ژیان و گرفتەكانی ئەو گەنجە كوردانە هەڵداتەوە و تروسكایەك و یا باشترە بڵێین هیواكان و دەنگەكانیان بگەیەنێتە هاورێ و هاوزمانەكانیان.

بەڵام هەر چەندە لێرەوە واتە لە كوردستان، ئەوێ واتە بەریتانیاجێگای هێنانە دی خەونەكانو خۆ لێوڕێژ كردنە لە سامان كەچی بە لای پەنابەرەكانی ئەوێوە ئەم روانكەیە پێچەوانە دەبێتەوە. هەر بۆیە با لەزمانی ئەوانەوە گوێمان لێیان بێت.

پرسیارەكان ئەمانەی خوارەوە بوون و بە رێكخراو لە خوارەوە وەڵامەكانیان دراوەتەوە.

١- چی وای لێ كردیت پەنا بەریتە بەر هەندەران ؟

٢- ئایا هەست بە ئاسودەیی دەكەیت و ئەو شوێنە هەمان شوێنی ناو خەونەكانتە؟

٣- بە چیەوە خەریكن؟

٤- بە چ چاوێكەوە سەیر دەكرێن، كورد، رۆژهەڵاتی‌یا وەك میللەتێكی تیرۆر لە نێو؟

٥- چەند توانای ناساندنی كێشەی نەتەوەكەتان هەیە؟

٦- تا ئێستا تووشی هیچ گرفتێك بوونە چ لە بواری سیاسی یان كۆمەڵایەتی یا ... هتد.

٧- ژیان لە نێوان دوو كەلتووری جیاواز، تووشی گرفتی نەكردون؟

٨- لە چوونتان بۆ ئەو وڵاتە پەشیمان نین؟

***

**رزگاز قادرزادە**

هەڵوەدابوون بەدوای سەرزەمینێكی ئارام و ژیانێكی خۆش و دوور لە كێشەو چوونە ناو ژینگەیەكی ئاسوودەو گەیشتن بە خەون و خەیاڵە لاویەكان وئاوێزان بوون لەگەڵ فریشتە سپیە رامبوەكانی ئەم سەرزەوینەو سەدان و هەزاران خەیاڵ و بیری تر گوورزارشت و پێناسەی ئەو سەرزەمینەن كە هزری زۆربەی لاوە ئاسیایی و رۆژهەڵاتیەكانی داگیركردوەو وڵاتەكەیان جێ هێشتوە. ئێمەش یەكێكین لەو گەنجانەو نرخی گەیشتن بەم سەرزەمینە بە بەهای گیان بوەو هەوڵی جییدیمان داوە. سەرزەمینی خەونەكان، هەندەران، ئەورووپا، تاراوگەو غووربەت گشتیان پێناسەی جیاوازن بۆ ئەم بەهەشتەی خەیاڵە.

گەر بۆ رۆژێکیش بووبێ دەبێ بگەمێ، با لەوێ بمرم، هەزار جاران سنووورداش بکرێمەوە هەر ئەڕۆم و ... زۆر وشەو رستەی لەم بابەتە وێردی سەر زمانی ئاشقانی ئەم بەهەشتەن. گشت پرسیارەکانی ئێوە وەڵامی تایبەتیان هەیەو جیاوازن.

**شێرکۆ فەرووەرش/ خەڵکی سەردەشت ـــ دانیشتووی شاری** Huddwrsfield

- ئەو کەسانەی کە دێن بۆ هەندەران لەبەر چەند هۆیەك دێن. من پێشتر چوار ساڵ پێشمەرگەی حدکا بوومەو توانای چوونەوەی ئێرانم نەبوو، هەربۆیە رێگای هەندەرانم هەڵبژارد و چوومە تورکیاو دوای دووساڵ گەیشتمە ئەم شارە.
- هەست بە ئاسوودەی دەکەم و هیچ گرفتێکم نیەو رازیم، چونکە ئیقامەی سیاسیم هەیە و لەگشت ئیمکاناتێکی دەوڵەتی بەریتانیا بەرخووردارم. بەڵام ئەمەش ژیانی گشت کەس نیە و زۆرکەس بەدوای هەڵاتن وپارەی قاچاخچی وماندوو بوون و برسیەتی وسەرما وگەمە بەگیانی خۆکردن و زۆر شتی تری وەك گیران و خنكان هەبوەو روویان داوە. دواتر گەیشتینە ئێرەو پێویستمان بە ئیقامە هەبوو و خۆدان بەدەست دەوڵەتەوە ودواتر دادگایی و دان پیانان و لەکێشە کۆڵینەوە، ئەمانە هەمووی هەیەو گەر توانیت کێشەکەتیان بۆ ئیسپات بکەیت ئیتر کێشەکەت سیاسی بێت یان کۆمەڵایەتی یا هتد ئەوا ئەوانیش ئیقامەت دەدەنێ. بەڵام بەپێچەوانەوە ناتوانی سوود لە هیچ ئیمکاناتێکی بەریتانیا وەربگریت، وەرگرتنیش زۆر بەدەگمەنە. ئەو کەسانەی کە ئیقامەیان نیە بە قاچاخ دەژین و بە تەزویر مۆڵەت بۆ کارکردن درووست دەکەن و ئەمەش ئاشکرا بوونی لەپشتەوەیە و یا بە ١٣ تا ١٤ کاتژمێر کارکردن بەڵام بە مەبلەغێکی کەم وهەیانە کە مانگێك کاردەکەن و چەند مانگێك بێکار دەبن و بە نۆ تا دە کەس لە خانوویەکدا دەژین. زۆرکەسیش پەشیمانە لەهاتن بۆ ئێرە و منیش لێرە رۆژانە هەشت کاتژمێر کاردەکەم و خەریکی خوێندنی زمانم.
- لێرەش تارادەیەك هەڵاواردنی نژادی و مەزهەبی نیە و بەدەست کەسەکە کەوتوە.

- لەبەر کەمی کورد لەم وڵاتە چالاکی سیاسیش کەمە، بەڵام لەچوارچێوەی تاکەکەسیدا هەموودەم باس لەکێشەی نەتەوەکەمان دەکەین. لێرە ئێمە ئەندامی حدکاین و لە چالاکی و کۆبوونەوەکاندا بەشداری دەکەین.
- هەتاوەکوو ئێستا تووشی هیچ گرفتێ نەبووم.
- ئەم گرفتە بۆ هەموو کەس دێتە پێشێ. منیش وەك هەموو لاوێکی کورد بیر لە ئازادی وڵاتەکەم دەکەمەوەو بەدەسکەوت و رووداوە ناخۆشەکان خوشحاڵ و دڵتەنگ دەبم. حەزم لە جلی کوردی و مۆزیکی کوردیە، بەڵام لاوی ئێرە لەبیری ئەو شتانەدا نیە، هەرچەند خەریکی گۆرانی و دانس و مەشرووبن، بەڵام ئەمەش لای من جیاوازەو تابۆم بکرێ خۆم دەگوونجێنم و کەلتوورەکەم ناکەمە قوربانی.
- من لە هاتنم بۆ ئێرە پەشیمان نیم و بیریشم لەگەرانەوە نەکردوەتەوە.

***

**عوسمان /خەڵکی جوانرۆ ـ** Huddwrsfield

- دوای ٢٤ ساڵ ئاوارەیی لەکەمپی ئەڵتاش لە عێراقدا و بێ ئومێد بوون لە UN و بێتوانایيم لەگەڕانەوەم بۆ زێدەکەم وچەندین هۆی دیکە ناچار بووم پەنا بەرمە ئێرە.
- بەهیچ شێوەیەك هەست بە ئاسوودەیی ناکەم و نەم بینیوەو لەو بڕوایەشدا نیم کە بیبینم. دەنگی دەهۆڵ لەدوورەوە خۆشە.
- هەنووکە بێکارم، بەڵام مانگی پێش ئێستا کارم دەکرد ئەویش بەشێوەیەکی قاچاخ. ناتوانم بە شێوەیەکی ئاسایی کار بکەم، چونکە تا ئێستا چارەنووسم دیار نیە. ناخوێنم چونکە نزیك بە ساڵێکە ناونووسیم کردوە بۆ کۆلێج بەڵام روون نەبوەتەوە.
- لێرەش وەك رۆژهەڵاتی سەیر دەکرێین.
- زۆر باسی کێشەی نەتەوەکەی خۆمان کردوە بۆیان. تاکوو ئێستا هیچ رێکخراوێکیشم نەبینیوە.
- تا ئێستا تووشی هیچ کێشەیەك نەبووم.

- کولتوور سەر لەکەس ناشێوێنێ بەڵکوو بگرە فێری زیاتریشت دەکات، هەموو کەلتورێك بە چاوێکی باشەوە سەیر دەکەم.
- پەشیمان نیم لە هاتنم بۆ ئێرە، بیریشم لە گەڕانەوە نەکردۆتەوە.

---

**رەئووف ئیسماعیلی / خەڵکی سەردەشت ـ** Huddwrsfield

- نەبوونی کارێکی شیاو هۆکاری سەرەکی گرتنە بەری غوربەتە. منێك کە ١٢ ساڵە دەرسم خوێندوە لە ئێراندا بەڵام دواتر ....
- زۆرنا ، چونکە سەخت گیری یاسایی پەنابەری ئەم وڵاتە و نەبوونی وڵامێکی تەواو وەرەزی کردووین.
- بێکارم.
- وەك رۆژهەڵاتی سەیر دەکرێین.
- توانای ناساندنی نەتەوەکەم نیە، چونکە دادوەرەکانی ئێرە زۆر دژوارە کەسەکان دەرك بکەن. ئەویش لەبەر لێك جویێ نەکردنەوەی کوردەکانی ئێراق و ئێران. لێرە هیچ رێکخراوێك شك نابەم کە بتوانم لەژێر چەتریا کۆببینەوە.
- بەڵێ، توشی گرفتێك هەین، ئەویش نەزانینی زمانە.
- پەشیمان نیم و ناشگەڕێمەوە و دەتوانم لێرە بمێنمەوە هەتلوەکوو پاسپۆرتم دەدەنێ.

***

**شێخە شەریف نژاد / سەردەشت ـ** Huddwrsfield

- بەهۆی بێکاری و ئازارو گرفتی کاربەدەستانی ئێرانیەوە هاتوومەتە ئێرە.
- بەڵێ ئاسوودەم چونکە پاسپۆرتم وەرگرتوە.
- بەدەرس خوێندنەوە خەریکم بەڵام لەبەر ئەوەی زمان نازانم کار ناکەم.
- بە رۆژهەڵاتی دەناسرێین.
- هەندێك توانای ناساندنی نەتەوەکەمان هەیە.

- کێشە هەیە بەتایبەتی لەبواری کۆمەڵایەتیەوە.
- کێشەی کەلتوری هەیە ئەویش لەبەر نەزانینی زمان.
- لەبیری گەڕانەوەدا نیم، هەتاوەکوو نەتەوەکەم ئازاد نەبێت.

***

**قانع رەحمانی / خەڵکی مەریوان ـ** Huddwrsfield

- لەبەر نەبوونی ئاسایش لە وڵاتەکەم هەڵاتووم بۆ ئێرە.
- بەڵی هەستی پێدەکەم، هەربۆیە وڵاتە ئەورووپیەکانیش ئەو شوێنەن کە ئاسوودەیی تێدایە.
- بە دەرس خوێندن و کارەوە خەریکم.
- وەك رۆژهەڵاتی و کورد دەناسرێم.
- تا رادەیەك ئەو توانایەم هەیە و دەتوانم پێناسەیەك بۆ نەتەوەکەم کەم.
- لەباری یاساییەوە وەم پەنابەرێك کەمێك کێشەم هەیە.
- کەمێك توانایی بەشدار بوونم هەیە لەم کەلتوورە چونکە لە کلتوورێکی رۆژهەڵاتیدا گەورە بووین، بەڵام دەتوانرێ شتێکی باشی لێفێر بین.
- لەوە پەشیمان نیم چونکە چوینە نێو نەتەوە زمانەکانی ترەوە و دەتوانێ یاریدەدەرم بێ لەبوارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و هزریەکانەوە. بەڵام خۆزیا لەناو نەتەوەکەی خۆمدا و لەبیر و هەستی ئەواندا بوایەم.

**تێبینی:**

ئەم هەڤپەیڤینانە هاوڕێمان رزگار قادرزادە لە بەریتانیاوە بۆی ئامادە کردووین.